**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بە ناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە (٢٠) ساڵی ٢٠٠٧**

## یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢١) لە ٢٠٠٧/٥/٣٠ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە( ١٥ )ی ساڵی / ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم : هەرێم :** هەرێمی کوردستان ـ عێراق .

**دووەم : ئەنجومەنی وەزیران :** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**سێیەم : وەزارەت :** وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم : وەزیر :** وەزیری تەندروستی هەرێم .

**پێنجەم : بریکاری وەزارەت :** بریکاری وەزارەتی تەندروستی.

**شەشەم : ئەنجومەن :** ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت.

**حەوتەم : دەستە :** دەستەی باڵای عیادەکانی پزیشکی میللی و ڕاوێژکاری.

## ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

**یەکەم :** ئامادەکردنی ئەو پێداویستییانەی کە مافی شیاوی تەندروستی تەواو بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر دەکات لەلایەنی جەستەیی وئەقڵی ودەروونییەوە لەگەڵ گرنگی پێدانیان.

**دووەم :** دامەزراندن وبەڕێوەبردن وبەدوا داچوونی یەکە تەندروستیەکانی خۆ پاراستن وچارەسەرکردن وپەرەپێدانیان لە هەرێمدا.

**سێیەم :** بایەخدان بە خزمەتگوزاری چاودێری بەرایی تەندروستی لەوانەش چاودێری دایکایەتی ومنداڵان وتەندروستی قوتابخانەیی وتەندروستی خێزان وپیرییەتی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**چــوارەم :** بەربــەرەکانی کردنــی نەخۆشــیە درمــەکان وکــۆنترۆل کردنیــان وریگــەگرتن لــە هاتنیــان لــە دەرەوەی هەرێم بۆ ناوەوەی وبە پێچەوانەوەش، بەربەستکردنی بڵاو بوونەوەیان لە نێو خاك وئاو و هەوای هەرێمدا.

**پێنجەم :** هەماهــەنگی کــردن لەگــەڵ وەزارەتــی ژینگــەدا لــە پێنــاوی پاراســتنی ژینگــەو باشــکردنی و پەرەپێدانی و پاراستنی بنەماکانی وکارکردن لە پێناوی بەربەستکردنی پیسبوونی.

**شەشەم :** هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایــەتی دا لــە پێنــاوی بایەخــدان بــە تەندروستی وسەلامەتی کرێکاران لە پرۆژەکانی کار و بەرزکردنــەوەی ئاســتی تەندروســتییان لە مەترسی نەخۆشی پیشە و بریندار بوون لە کاتی ئیشدا، لەگەڵ دانانی بــەزەفکاریی وهــەل ومەرجی تایبەت بۆیان و دابین کردنی سەلامەتی لە شوێنی کاردا وچاودێری پیادەکردنی ئەو بەرزەفتکار و هەل و مەرجانە.

**حەوتەم :** بڵاوکردنەوەی هوشیاریی تەندروستی لــە نــاو هاووڵاتیانــدا بــە هاریکــارێکردن لەگــەڵ لایەنــە پەیوەندیدارەکان بە رێگەی هەموو هۆیەکی راگەیاندنی بیستراو و بینراو و خوێندراوە.

**هەشتەم :** دابین کردنی داودەرمان و پێویستیەکان و کــەل وپــەلی پزیــشکی هەمــەجۆری پێویــست بــۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پزیشکی وخۆپاراستن وچارەسەرکردن، لەگــەڵ سەرپــەرشــتی کردنــی عیــادە میللییــەکان و دابــین کردنــی ئــامێری پزیــشکی پێویــست بــۆ پەککەوتــەکان وکردنەوەی تاقیگەی پزیشکی.

**نۆیــەم :** ئامــادەکردنی کــادیری تەندروســتی وپیــشەیی یارمەتیــدەر و بەرزکردنــەوەی ئاســتی شــیاوی کارمەنــدان لــە کــەرتی تەندروســتی وپەرەپێــدانی لێکۆڵینــەوەی تەندروســتی و فێرکردنــی پزیشکیی بەردەوام وهاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە هەمە جوارەکانی تەندروستیدا.

**دەیەم :** رێکخستنی کاری پیشە پزیشکی وتەندروستی یەکان و سەلامەتی پیشەیی بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان وچاودێری کردنیان.

**یانزدەیەم :** چاودێری کردنــی خــاوەن پێویــستییە تایبەتییــەکان لەلایــەنی تەندروســتی و جەســتەیی و ئەقڵی یەوە.

**دوازدەیەم :** سەرپەرشتی کردنی دروستکردن وهێنانی داودەرمــان بــەپێی پێــوەری پێویــستی پزیــشکی وچاودێری کردنی.

**سیازدەیەم :** کارکردن لە پێناوی گۆڕینی سیستەمی ئێستای تەندروستی بــە سیــستەمێکی هاوچــەرخی تەندروستی بە شێوەیەکی وا کە لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگای کوردستانی و توانای دارایــی بەدەست هاتوودا بگونجێت.

**چواردەیەم :** پشتگیریی کردنی کەرتی تایبەتی پزیشکی تا بەشداری لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری چارەســەرکردندا بکــات بــۆ ســووککردنی بــارگرانی دارایــی و هونــەری لەسەرشــانی دەزگــا تەندروستیە فەرمیەکان و بخرێنە بەر سەرپەرشتی وچاودێری وەزارەتەوە.

**پانزدەیەم :** کارکردن لە پێناوی دابین کردنی پێویستی پزیشکی بۆ بەرەنگار بوونــەوەی کارەســات بــە هەموو جۆرە کانیەوە، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە دەبێت.

**شانزدەیەم :** رێکخستنی کاری پزیشکی دادی لە هەرێمدا بە پێی یاسا وبەرزکردنــەوەی ئاســتی شــیاوی کارمەندانی.

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**حەڤدەیەم** : كاركردن لە پێناوی دروستكردنی تاقیگەی پێشكەوتووی تەندروستی بۆ دەسنیشانكردنێكی زوو بۆ نەخۆشییە گرانەكان ودابین كردنی (حجری تەندروستی) و بەربەرەكانی نەخۆشیە درمەكان و چاودێری كردنی پەتاكان.

**هەژدەیەم** : سەرپەرشتی كردنی كاری پزیشكەكان ویارمەتدەرەكانیان لە عیادە پزیشكیە تایبەتەكان و عیادە میللیە فەرمییەكان.

**نۆزدەیەم** : گرنگی دانێكی تایبەت بە تەندروستی لادێ وگەیاندنی خزمەتگوزاریی پزیشكی بۆی و كاركردن بۆ دروستكردنی نەخۆشخانە لە قەزاو ناحیەكان وكردنەوەی مەڵبەندی پزیشكی لە لادێكاندا و دابین كردنی تیپی تەندروستی گەڕۆك.

**بیستەم** : دابین كردنی سەیتەرەی نەوعی كارا لەسەر داودەرمان بە هاوكاری كردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكاندا و دانانی مەرجی بەرزەفتكار بۆ هێنانی داودەرمان لە سەرچاوەی باوەڕ پێكراوی جیهانی و بەرزەفتكردنی فرۆشتنی داودەرمان، بە جۆرێكی وا كە هەر لە دەرمانخانە و مەزخەری مۆلەتپێدراوی دەرمان بفرۆشرێ.

**بیست ویەكەم** : گرنگی دانی تەندروستی بەو ناوچانەی كە تووشی پرۆسەكانی ئەنفال وبوردومانی كیمیایی وجینۆساید بوون.

**بیست ودووەم** : كاركردن لە پێناوی دابین كردنی (بیمی) تەندروستی بۆ هاووڵاتییان وگرنگی دان بە ئاسایشی خۆراك ودەرمانی ئینسانی بەهەماهەنگی كردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان ودۆزینەوەی ئالیەتی چاودێری شیاوی داودەرمان بۆ بەكارهێنان.

**بیست وسێیەم** : پشتگیریی كردنی پزیشكە تازە دەرچووەكان وكردنەوەی خولی شیاندنی بەردەوام بۆیان و ناردنی نێردەی پزیشكی بۆ دەرەوەی هەرێم بیان گرێتەوە وماوەیان بدرێ تاكو خوێندنی پسپۆڕییان تەواوبكەن.

## پێكهاتەكانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم** : وەزارەت لەم پێكهاتانەی خوارەوە پێك دێت:

**یەكەم: وەزیر**: سەرۆكی باڵای وەزارەتە وبەرپرسە لە بەڕێوەبردنی كارەكانیاندا وسەرپەرشتی وچاودێری كردنی چالاكیەكانی و لەوەوە ئەو بڕیارو فەرمان ورێنماییانە دەردەچن كە پەیوەندیان بە ئەركەكانی وەزارەت وپێكهاتەكانی ودەسەڵات وهەموو كاروبارە هونەری و دارایی وكارگێری ورێكخستن وبە پێی حوكمەكانی یاسا هەیە ولەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنەدا وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بدات بە بریكاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەكان یاخود هەر كەسێكی لە وەزارەتدا بە شیاوی دەزانێ.

**دووەم : بریكاری وەزارەت** : یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەكردنی كاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروباری وەزارت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی كە لەلایەن وەزیرەوە پێی دەدرێ و دەبێ بڕوانامەی پسپۆڕی بەرایی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی كارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**سێیەم : نووسینگەی وەزیر**: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**چوارەم : نووسینگەی بریکاری وەزارەت :** فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم : ڕاوێژکاران :** ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر نابێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێت خاوەن شارەزایی و کارامەیی بن لە کارەکانیاندا.

**شەشەم : بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی :** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی و پسپۆڕ بێت.

**حەوتەم : بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی :** پزیشکێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە دەبێ خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت لە کارەکەیدا.

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وفێرکردنی تەندروستی:** پزیشکێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات ودەبێ خاوەن شارەزایی کارامەیی بێت لە کارەکەیدا.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پاریزگاکانی هەرێم دا:** هەر یەك لەوانە پزیشکێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات ودەبێ خاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت لە کارەکەیدا.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بۆ وەزارەت لەمانە پێکدێ:-

**یەکەم:** وەزیر: سەرۆکە.

**دووەم:** بریکاری وەزارەت: ئەندامە و لەکاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

**سێیەم:** ڕاوێژکارەکانی وەزارەت: ئەندامن.

**چوارەم:** بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت: ئەندامن.

**پێنجەم:** نوێنەرێك لە هەر وەزارەتێك لە وەزارەتەکانی پەیوەندیدار ودەزگا تەندروستیە زانستییەکان بە مەرجێك پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت ولەسەر داوای وەزیر بەشداری دەکەن.

**شەشەم:** هەر شارەزایەکی پسپۆڕ لە ناوەوە ودەرەوەی وەزارەت کە وەزیر دەستنیشانیان دەکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەستەیەك لە وەزارەت دادەمەزرێت پێی دەگوترێ (( دەستەی باڵای عیادە پزیشکیەکانی میللی و راوێژکاری)) و لە مانە پێکدێ:-

**یەکەم:** بریکاری وەزارەت / سەرۆك

**دووەم:** بەڕێوەبەری گشتی کار و باری پزیشکی / جێگری سەرۆك.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت / ئەندامن.

**چوارەم:** فەرمانبەری ژمێریاری / ئەندام .

**پێنجەم:** فەرمانبەری یاسایی / ئەندام .

**شەشەم:** فەرمانبەری کارگێری / ئەندام .

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** بەش و ئەرك و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی وەزارەت بە پێڕەو دەستنیشان دەکرێت.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان لق یان بەش یان هۆبە یان یەکەکان لە ناو پێکهاتەی وەزارەت دابنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە بە پێی پێویستیەکانی کارەکانیان لە کاتی پێویستدا.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە لێژنەی هەمیشەیی یان کاتی بە پێی پێویست پێکبهێنێ.

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای وەزارەتی تەندورستی و کاروباری کۆمەلایەتی ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٣ و هەموارکردنەکەی بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠١ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

هەولێر
١٧ / جوزردان/ ٢٧٠٧ کوردی
٧ / حزیران / ٢٠٠٧ زاینی
٢١ / جمادی الاول / ١٤٢٨ کۆچی

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

بۆ چوونی وەزارەتی تەندروستی خۆی لە بەدیهێنانی تەندروستی بە مانا فراوانەکەی لە سەر هەموو ئاستەکان بۆ تاك و خێزان و کۆمەلگا دەدۆزێتەوە و پاێزگاریی دەکات لە رووی چەندی و چۆنییەوە سەبارەت بەو فراوان بوونەی کە خزمەتگوزاری و تەندروستی لە هەرێمدا بەخۆیەوە دیوە و بۆ دابین کردنی باشترین خزمەتگوزاری بە نوێترین ڕێگای پێشکەوتوو بۆ هاولاتیان، چ لە رووی تەندروستی و چ جەستەیی و چ ئەقلی و چ سایکۆلۆجی یەوە. هەروەها بەشداری کردن لە هێنانە دی ژینگەیەکی دوور لە پیسبوون و پشتگیریی کردنی رەوتی دادپەروەریی لە ڕێگەی ڕێکخستنی دەزگاکانی پزیشکی دادی و ئامادەکردنی کادیری شیاو و سەبارەت بەوەی کە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٣ تایبەت بوو بە هەردوو لایەنی تەندروستی و کۆمەلایەتی بەیەکەوە و چونکە لە گەڵ قۆناغی نوێدا ناڕوات و تاکو بتوانێ لە گەڵ داهێنانە نوێیەکانی پزیشکی زانستی تازەدا بڕوات، بۆیە پێویستی کرد یاسایەکی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی دەرچوێنرێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com